ژمارە: ٩/٤/٥/١٢٢٢٢
ڕێکەوت/ ٥ / ٦ / ٢٧١١ کوردی
ڕێکەوت/ ٦ / ٧ / ٢٠١١ زایینی

## ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٨)

## بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

## ب/ پێشینەی خانووبەرە

پاڵپشت بە برگە (٢) خاڵی /٢ لە ماددەی (سێ یەم) لە یاسای ژمارە/٦ ی بوودجەی ساڵی /٢٠١١ و لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون و بۆ بەرژەوەندی گشتی ، بڕیاردرا بە:-

١- زیاد کردنی پێشینەی خانووبەرە لە بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ١٥) پانزە ملیۆن دینار بۆ بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٢٠) بیست ملیۆن دینار لە سەنتەری شارو قەزاو ناحیە و گوندەکان .

٢- ئەم زیادەیە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە داواکاریان پێشکەش کردووە پێش یان دوای بەرواری ٢٠١٠/١٢/٣١ و هیچ پشکێکیان وەرنەگرتووە بە مەرجێك داواکاریەکە تۆمار کرابێت لە بەنکی خانووبەرە .

٣- ئەوانەی داواکاری پێشکەش کردووە دوای بەرواری ٢٠١١/١/١ پشکێك یان هەموو پێشینەکەی بۆ خەرج کرابێت ئەوا جیاوازی پێشینەکەی بۆ خەرج دەکرێت .

٤- ئەم پێشینە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە لە کاتی خۆی داواکاریان پێشکەش کردووە و پشکێك یان هەموو پێشینەکەیان وەرگرتووە پێش ٢٠١١/١/١ ، واتا هیچ جیاوازی بۆیان خەرج ناکرێت .

٥ - ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە (٤٤) ی ساڵی /٢٠٠٨ و خاڵی (٥) لە ڕێنماییمان ژمارە (١٤) ی ساڵی /٢٠١٠ کە تایبەتە بە کەفیلی ئەو کەسەی کە پێشینەی خانووبەرە وەردەگرێت لە شار و قەزا و ناحیە و کۆمەڵگا و گوندەکان بەم شێوەی خوارەوەی لێ دێت:-

١/ أ- ئەگەر وەرگری پێشینەکە هاووڵاتی بێت لە قەزا و ناحیەکان و کۆمەڵگە و گوندەکان کە تۆماری خانووبەرەیان نیە ، پێویستە فەرمانبەرێك یان خانەنشین بوو یان بەڵێندەر یان کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان پێشمەرگە کە پلەکەی لە ئەفسەر کەمتر نەبێت ببێت بە کەفیل ، یان دەکرێت خانوویەك کە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرە تۆمارکرابێت وەك (رهن من درجة الاولى) دابنێت و کار بە ناسنامەی ژووری بازرگانی ناکرێت .

ب- وەرگری پێشینەکە لە قەزا و ناحیە و کۆمەڵگا و گوندەکان کە تۆماری خانووبەرەیان هەیە ، فەرمانبەر بێت یان خانەنشین بوو یان بەڵێندەر یان کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان پێشمەرگە کە پلەکەی لە ئەفسەر کەمتر نەبێت ، ئەوا پێویستە بە کەفیل ناکات .

٢- وەرگری پێشینەی خانووبەرە لە سەنتەری شار ، ئەگەر هاووڵاتی بێت یان فەرمانبەر یان خانەنشین بوو یان بەڵێندەر یان کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان پێشمەرگە کە پلەکەی لە ئەفسەر کەمتر نەبێت دەتوانێت تەنها خانوویەك بە کەفیل دابنێت .

٦- ئەم ڕێنماییە لە بەرواری ٢٠١١/١/١ ەوە جێ بەجێ دەکرێت بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی دارایی کار پێکراو تایبەت بەم بابەتە .. بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا.

**بایز سەعید محەمەد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وێنەیەك بۆ /**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ ف .ك .کارگێری و دارایی/ بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی دارایی ئابووری / ب.گ.دارایی (س) .. ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی لە ڕۆژانی (٣ بۆ ٧)/٧/٢٠١١ / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی دادوەری / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی ... تکایە .
- بانکی خانووبەرەی هەولێر ١و٢ / دهۆك /بنصلاوە / سۆران / ئاکرێ / زاخۆ / بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم / هەولێر / دهۆك/ سۆران / ئاکرێ / زاخۆ / کۆیە / بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە .
- گشت بەشەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سووراو .